# ژیانی یوسف

له تەورات، سیپاری پەیدابوون

**پەیدابوون ٢٩**

## یاقوب دەگاتە پەدان ئارام

ئینجا یاقوب پێی هەڵگرت و بەرەو خاکی گەلانی ڕۆژهەڵات ڕۆیشت. بینی ئەوەتا بیرێک لە دەشتودەرەکەدا هەیە و لەوێدا سێ ڕانەمەڕ خۆیان مات کردووە، چونکە شوانەکان لەو بیرەوە ڕانەکانیان ئاو دەدا. بەردێکی گەورەش لەسەر دەمی بیرەکە بوو. کاتێک هەموو ڕانەکان لەوێ کۆ دەبوونەوە و شوانەکان بەردی سەر دەمی بیرەکەیان گلۆر دەکردەوە و مەڕەکانیان ئاو دەدا. پاشان بەردەکەیان دەگێڕایەوە سەر دەمی بیرەکە، بۆ شوێنی خۆی. یاقوب بانگی کردن: (برایان، ئێوە خەڵکی کوێن؟) ئەوانیش وتیان: (ئێمە خەڵکی حارانین.) پێی وتن: (لابانی کوڕەزای ناحۆر دەناسن؟) وتیان: (دەیناسین.) ئینجا یاقوب وتی: (خۆ سەلامەتە؟) وتیان: (بەڵێ سەلامەتە، ئەوەش (ڕاحیل)ی کچییەتی لەگەڵ مەڕەکاندا بەرەو ئێرە دێت.) جا وتی: (ئەوەتا هێشتا ڕۆژ زۆری ماوە، کاتی کۆکردنەوەی ڕانەکان نییە. مەڕەکان ئاو بدەن و بڕۆنەوە بیانلەوەڕێنن.) ئەوانیش وتیان: (ناتوانین، تا هەموو ڕانەکان کۆنەبنەوە و بەردی سەر دەمی بیرەکە تل نەدرێت. ئەو کاتە مەڕەکان ئاو دەدرێن.)

هێشتا خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیاندا کە ڕاحیل بە خۆی و مەڕەکانی باوکییەوە هات، چونکە شوان بوو. کاتێک یاقوب ڕاحیلی کچی لابانی خاڵی و مەڕەکانی لابانی خاڵی بینی، یاقوب چووە پێشەوە و تلی بە بەردی سەر بیرەکەدا و مەڕەکانی لابانی خاڵی ئاودا. یاقوب ڕاحیلی ماچ کرد و دەنگی بەرزکردەوە و گریا. ئیتر یاقوب لە ڕاحیلی گەیاند کە ئەو کەسی باوکییەتی و کوڕی ڕڤقەیە. ئەویش ڕایکرد و بە باوکی ڕاگەیاند. هەر کە لابان ئەم هەواڵەی یاقوبی خوشکەزای بیست، بە ڕاکردن ڕۆیشت بۆ دیدەنی. باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد و هێنایە ماڵەکەی خۆی. جا هەموو ئەم شتانەی بۆ لابان باس کرد. لابانیش پێی وت: (تۆ گۆشت و ئێسکی خۆمیت.)

## یاقوب لێئە و ڕاحیل دەهێنێت

ئیتر مانگێک لەلای مایەوە. ئینجا لابان بە یاقوبی وت: (هەر لەبەر ئەوەی کەسی خۆمیت، ئایا ئیتر بەخۆڕایی کارم بۆ دەکەیت؟ پێم بڵێ ئاخۆ کرێیەکەت چی بێت؟) لابان دوو کچی هەبوو، گەورەکەیان ناوی (لێئە) بوو، بچووکەکەشیان ناوی ڕاحیل بوو. چاوەکانی لێئە کز بوون، بەڵام ڕاحیل ناسک و جوان بوو. یاقوب ڕاحیلی خۆش دەویست و وتی: (حەوت ساڵ کارت بۆ دەکەم بەرامبەر ڕاحیلی کچە بچکۆلەت.) لابانیش وتی: (بیدەمە تۆ باشترە وەک لەوەی بیدەمە پیاوێکی دیکە. لێرە لەلای خۆم بمێنەوە.) ئیتر یاقوب لەبەر ڕاحیل حەوت ساڵ کاری کرد کەوا لای ئەو وەک چەند ڕۆژێکی کەم وابوو، لەبەر خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بە ڕاحیل.

ئینجا یاقوب بە لابانی وت: (ژنەکەم بدەرێ چونکە ڕۆژانی خۆم تەواو بوو، دەشمەوێت بیگوێزمەوە.) لابانیش خەڵکی شوێنەکەی کۆکردەوە و ئاهەنگێکی ساز کرد. کە ئێوارە داهات، پەلی لێئەی کچی گرت و هێنای بۆ یاقوب. ئەویش لەگەڵی نووست. هەروەها لابان (زیلپە)ی کەنیزەی خۆی کردە کەنیزەی لێئەی کچی. کە ڕۆژ بووەوە، لێئە لەوێ بوو! یاقوبیش بە لابانی وت: (ئەمە چییە بە منت کرد؟ مەگەر بۆ ڕاحیل نەبوو کە کارم بۆ کردیت؟ ئەی بۆچی فێڵت لێکردم؟) لابانیش وتی: (ئەوە دابونەریتی ئێمە نییە لێرە کچە بچکۆلەکە پێش گەورەکە بە شوو بدەین. هەفتەی بووکێنی ئەم تەواو بکە، ئەوی دیکەشیانت دەدەینێ بەرامبەر بە حەوت ساڵی دیکەی کار، کە بۆ منی دەکەیت.) یاقوبیش وای کرد. حەفتەکەی لەگەڵ لێئە تەواو کرد، لابانیش ڕاحیلی کچی پێی دا تا ببێتە ژنی. هەروەها لابان (بیلهە)ی کەنیزەی خۆی کردە کەنیزەی ڕاحیلی کچی. یاقوب لەگەڵ ڕاحیلیشدا نووست، ئەو ڕاحیلی لە لێئە زیاتر خۆش دەویست. حەوت ساڵی دیکەش کاری بۆ لابان کرد.

## منداڵەکانی یاقوب

<u>خوداوەند</u> بینی کەوا لێئە خۆشەویست نییە، ئیتر منداڵدانی کردەوە. بەڵام ڕاحیل نەزۆک بوو. لێئە سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو ناوی نا (ڕەئوبێن)، لەبەر ئەوەی وتی: (<u>خوداوەند</u> نەگبەتی منی بەدی کردووە، ئیتر مێردەکەشم ئێستا خۆشی دەوێم.) دیسان سکی پڕ بوو و کوڕێکی دیکەی بوو، وتی: (<u>خوداوەند</u> بیستوویەتی خۆشەویست نیم. ئیتر ئەمەشی پێدام.) ناوی نا (شیمۆن). جارێکی دیکەش سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، وتی: (وا ئەم جارە ئیتر مێردەکەم پێمەوە پەیوەست دەبێت، چونکە سێ کوڕم بۆی بووە.) لەبەر ئەوە ناوی نا (لێڤی). دیسان سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، وتی: (ئەم جارە ستایشی <u>خوداوەند</u> دەکەم.) لەبەر ئەوە ناوی نا (یەهودا). ئیتر لە سککردن وەستا.

**پەیدابوون ٣٠: ١-٢٤**

کاتێک ڕاحیل بینی هیچ منداڵێکی بۆ یاقوب نەبوو، حەسوودی بە خوشکەکەی خۆی برد و بە یاقوبی وت: (منداڵم پێ بدە، ئەگینا دەمرم.) یاقوب لە ڕاحیل تووڕە بوو و وتی: (ئایا من لە جێی خودام کە گلی داویتەوە لە بەرهەمی سک؟) ئەویش وتی: (ئەوەتا کەنیزەکەم، بیلهە. لەگەڵیدا بنوو تا لەسەر چۆکم منداڵی ببێت، ئیتر لەوەوە منیش کوڕانم دەبێت.) جا بیلهەی کەنیزەی خۆی پێ دا تا ببێت بە ژنی. یاقوبیش لەگەڵیدا نووست. بلهەش سکی پڕ بوو و کوڕێکی بۆ یاقوب بوو. ڕاحیل وتی: (خودا دادوەری کرد بۆم، هەروەها گوێی لە دەنگم بوو و کوڕێکی پێدام.) لەبەر ئەوە ناوی نا دان. دیسان بیلهە، کەنیزەکەی ڕاحیل سکی کرد و کوڕی دووەمی بۆ یاقوب بوو. ئینجا ڕاحیل وتی: (بە زۆرانبازی خودا، زۆرانبازیم لەگەڵ خوشکەکەم کرد و بردیشمەوە.) لەبەر ئەوە ناوی نا (نەفتالی).

کاتێک لێئە بینی وا لە سککردن وەستاوە، پەلی زیلپەی کەنیزەکەی خۆی گرت و دایە یاقوب تا ببێت بە ژنی. زیلپەی کەنیزەی لێئە کوڕێکی بۆ یاقوب بوو. لێئە وتی: (بە بەختەوەری!) ئیتر ناوی نا (گاد). زیلپەی کەنیزەی لێئە کوڕی دووەمی بۆ یاقوب بوو. لێئەش وتی: (بە خۆزگە پێخوازراویم! چونکە کچان خۆزگەم پێ دەخوازن.) ئیتر ناوی نا (ئەشیر). لە ڕۆژانی دروێنەی گەنمدا، ڕەئوبێن ڕۆیشت و لە کێڵگەدا هەندێک لە گیائادەمەی بینیەوە و بۆ لێئەی دایکی هێنایەوە. ڕاحیلیش بە لێئەی وت: (هەندێک لە گیائادەمەی کوڕەکەتم پێ بدە.) ئەویش وتی: (بە لاتەوە کەمە مێردەکەت بردووم؟ گیائادەمەی کوڕەکەشم دەبەیت؟) ڕاحیلیش وتی: (دەی باشە با لە جیاتی گیائادەمەی کوڕەکەت ئەم شەو لەگەڵتدا بنوێت.) کاتێک یاقوب دەمەو ئێوارە لە کێڵگە گەڕایەوە، لێئە ڕۆیشتە دەرەوە بۆ پێشوازیلێکردنی و وتی: (بۆ لای خۆم دێیت، چونکە بە گیائادەمەی کوڕەکەم بە کرێم گرتوویت.) ئەویش ئەو شەوە لەگەڵیدا نووست. خودا گوێی لە لێئە بوو، ئیتر سکی پڕ بوو و کوڕی پێنجەمی بۆ یاقوب بوو. ئینجا لێئە وتی: (خودا پاداشتی ئەوەی دامەوە کە کەنیزەکەی خۆمم دا بە پیاوەکەم.) جا ناوی لێنا (یەساکر).

دیسان لێئە سکی کرد و کوڕی شەشەمینی بۆ یاقوب بوو. ئینجا لێئە وتی: (خودا بە خەڵاتێکی باش خەڵاتی کردم. ئێستا مێردەکەم گوزەرانم لەگەڵ دەکات، چونکە شەش کوڕم بۆی بوو.) کوڕەکەشی ناونا (زەبولون). دوای ئەمە کچێکیشی بوو، ناوی نا (دینە). خودا ڕاحیلی هاتەوە یاد، خودا گوێی لە دەنگی بوو، منداڵدانی کردەوە. ئیتر سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، وتی: (خودا سووکایەتیەکەمی لەسەر لابردم.) ناوی نا (یوسف)، چونکە وتی: (خوداوەند کوڕێکی دیکەشم بۆ زیاد دەکات.)

**پەیدابوون ٣٧** **خەونەکانی یوسف**

یاقوب لە خاکی ئاوارەیی باوکی، لە خاکی کەنعاندا، نیشتەجێ بوو. ئەمانەش نەوەکانی یاقوبن. یوسف کە تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو، لەگەڵ براکانی شوانایەتی مەڕەکانی دەکرد، هەرزەکار بوو لای کوڕانی بیلهە و کوڕانی زیلپە، دوو ژنەکەی باوکی. یوسف بوختانە خراپەکانی ئەمانی بە باوکی ڕاگەیاند.

ئیسرائیلیش یوسفی لە هەموو کوڕەکانی دیکەی خۆشتر ویست، چونکە ئەو منداڵەی لە پیریدا ببوو، کەوایەکی درێژی ڕەنگینیشی بۆ دروستکرد. کە براکانی بینییان باوکیان ئەوی لە هەموو براکانی خۆشتر دەوێت، ڕقیان لێ بۆوە و سڵاویان لێ نەدەکرد.

یوسف خەونێکی بینی و بۆ براکانی گێڕایەوە، ئیتر زیاتر ڕقیان لێی بۆوە. پێی وتن: (گوێ لەم خەونە بگرن کە دیوومە، ئەوا خەریکی چەپک بەستن بووین لە کێڵگەدا، لەناکاو چەپکەکەی من ڕاست بۆوە و وەستا، چەپکەکانی ئێوەش دەوریان دا و کڕنۆشیان بۆ برد.) براکانی پێیان وت: (دیارە دەبیت بە پاشا و پاشایەتیمان بەسەردا دەکەیت، یان فەرمانڕەوا و فەرمانمان پێ دەکەیت؟) ئیتر زیاتر ڕقیان لێ بۆوە، لەبەر خەونەکانی و لەبەر قسەکانی. ئینجا خەونێکی دیکەی دی و بۆ براکانی گێڕایەوە و وتی: (ئەوەتا خەونێکی دیکەم بینیوە، ئەوەتا خۆر و مانگ و یانزە ئەستێرە کڕنۆشیان بۆم بردووە.) کە ئەمەی بۆ باوکی و براکانی گێڕایەوە، باوکی سەرزەنشتی کرد و پێی وت: (ئەمە چ خەونێکە کە تۆ بینیووتە؟ ئایا من و دایکت و براکانت بێین و کڕنۆشت بۆ ببەین بۆ سەر زەوی؟) براکانیشی حەسوودیان پێبرد، بەڵام باوکی ئەم شتەی لە دڵی خۆیدا هێشتەوە.

**براکانی یوسف دەیفرۆشن**

براکانی ڕۆیشتن بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانی باوکیان لە دەوروبەری شەکەم. ئیسرائیلیش بە یوسفی وت: (ئەوە نییە براکانت لە دەوروبەری شەکەم خەریکی لەوەڕاندنن؟ وەرە با بتنێرم بۆ لایان.) ئەویش وتی: (باشە.) ئینجا پێی وت: (بڕۆ سەیر بکە بزانە براکانت سەلامەتن و مەڕەکانیش سەلامەتن، وەرەوە و هەواڵم بدێ.) ئیتر یوسفی لە (دۆڵی حەبرۆن)ەوە نارد. کە یوسف هات بۆ شەکەم، پیاوێک دۆزییەوە و بینی وا لە چوڵەوانیدا

ون بووە، پرسیاری لێکرد: (ئەوە بەدوای چی دەگەڕێیت؟) ئەویش وتی: (بەدوای براکانمدا دەگەڕێم. پێم بڵێ لەکوێ خەریکی لەوەڕاندنن؟) پیاوەکەش وتی: (لێرە ڕۆیشتن، چونکە گوێم لێیان بوو وتیان، "با بڕۆین بۆ (دوسان)."") یوسفیش بەدوای براکانیدا ڕۆیشت و لە دوسان دۆزینیەوە. جا لە دوورەوە بینییان و پێش ئەوەی لێیان نزیک بێتەوە، پیلانیان بۆی دانا تا بیکوژن. ئیتر بە یەکتریان وت: (ئەوەتا خاوەن خەونەکان وا دێت. دەی با ئێستا بیکوژین و فڕێی دەینە یەکێک لەم بیرانەوە و دەشڵێین گیانداریکی دڕندە یوسفی خوارد. ئینجا با ببینین خەونەکانی چییان لێ دێت.) کە ڕەئوبێن گوێی لەمە بوو، لە دەستیان فریای کەوت و وتی: (با گیانێک نەکوژین!) ئینجا ڕەئوبێن پێی وتن، (خوێن مەڕێژن. فڕێی بدەنە ئەم بیرەوە کە لە چۆڵەوانی دایە و دەستی بۆ درێژ مەکەن.) ڕەئوبێن ئەمەی وت تا لە دەستیان فریای بکەوێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ لای باوکی. ئیتر کە یوسف بۆ لای براکانی هات، کەواکەیان لەبەری داداڕاند، کەوا درێژە ڕەنگینەکەی لەبەری بوو، ئینجا بردیان و فڕێیان دایە بیرەکەوە، بیرەکەش بەتاڵ و ئاوی تێدا نەبوو.

دوای ئەوە دانیشتن بۆ نانخواردن، کە چاویان هەڵبڕی بینییان وا کاروانی ئیسماعیلییەکان لە گلعادەوە دێت، وشترەکانیان بارکراون بە بەهارات و هەتووان و موڕ، دەڕۆن تا دابەزن بۆ میسر. ئینجا یەهودا بە براکانی وت: (چ سوودێکی هەیە براکەی خۆمان بکوژین و خوێنەکەی بشارینەوە؟ وەرن با بە ئیسماعیلییەکانی بفرۆشین و دەستی خۆمانی بۆ درێژ نەکەین، چونکە برامانە و گۆشتمانە.) براکانیشی بە قسەیان کرد. کاتێک کە هەندێک پیاوی میدیانی بازرگان تێپەڕین، براکانی یوسفیان ڕاکێشا و لە بیرەکە هێنایانە دەرەوە و فرۆشتیان بە ئیسماعیلییەکان بە بیست زیو، ئەوانیش یوسفیان هێنا بۆ میسر.

ئینجا ڕەئوبێن گەڕایەوە بۆ لای بیرەکە و سەیری کرد یوسف لە بیرەکەدا نەبوو، ئیتر جلەکانی بەری خۆی دادڕی. گەڕایەوە بۆ لای براکانی و وتی: (کوڕەکە لەوێ نەماوە! من بۆ کوێ بڕۆم؟) ئەوانیش کەواکەی یوسفیان هێنا، گیسکێکیان سەربڕی و کەواکەیان لە خوێن هەڵکێشا. ئینجا کەوا ڕەنگینەکەیان نارد و هێنایان بۆ باوکیان و وتیان: (ئەمەمان دۆزیوەتەوە، لێی وردبەوە و بزانە کەوای کوڕەکەتە یان نا؟) ئەویش لێی وردبۆوە و وتی: (کەوای کوڕەکەمە! گیانداریکی دڕندە خواردوویەتی، یوسفی پارچە پارچە کردووە.) ئیتر یاقوب جلەکانی بەری خۆی دادڕی و بەرگی ماتەمی بە ناوقەدییەوە پۆشی و ڕۆژانێکی زۆر شیوەنی گێڕا بۆ کوڕەکەی. ئینجا هەموو کوڕەکانی و هەموو کچەکانی هەڵستان چوون بۆ لای بۆ دڵدانەوەی، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە دڵی بدرێتەوە و وتی: (بە لاواندنەوە دادەبەزمە لای کوڕەکەم بۆ ناو (جیهانی مردووان).) ئیتر باوکی دایە پڕمەی گریان بۆی. میدیانییەکانیش لە میسر یوسفیان فرۆشت بە (پۆتیفەر) کە کاربەدەستی فیرعەون و سەرداری پاسەوانەکان بوو.

**پەیدابوون ٣٩** **یوسف و ژنی پۆتیفەر**

یوسف بەرەوخوار بردرا بۆ میسر. لەوێ پیاوێکی میسری بە ناوی پۆتیفەر کەوا کاربەدەستی فیرعەون و سەرداری پاسەوانەکانی بوو، لە ئیسماعیلییەکانی کڕی کە بەرەو میسر هێنابوویان. خوداوەند لەگەڵ یوسف بوو، ئیتر پیاوێکی سەرکەوتوو بوو، لە ماڵی گەورە میسرییەکەیدا بوو. گەورەکەی بینی کە خوداوەندی لەگەڵ دایە و دەست بداتە هەر کارێکیش خوداوەند سەرکەتووی دەکات. جا یوسف پەسەند بوو لەبەرچاوی و خزمەتی کرد. پۆتیفەریش کردی بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچییەکی هەبوو دایە دەست ئەم. ئیتر لەو کاتەوە کە ئەمی کرد بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچی کە هەیبوو، خوداوەند ماڵی ئەو میسرییەی لەبەر یوسف بەرەکەتدار کرد. بەرەکەتەکەی خودادەندیش بۆ هەموو ئەو شتانە بوو کە هی پۆتیفەر بوو، چ لەناو ماڵەکەیدا و چ لە دەشتودەردا. ئیتر هەرچییەکی هەبوو بۆ یوسفی بەجێ هێشت، ئاگاداری هیچی خۆشی نەبوو تەنها ئەو نانە نەبێت کە دەیخوارد.

یوسفیش ڕوخسار جوان و بەژن ڕێک بوو. دوای ماوەیەک ژنی گەورەکەی چاوی بڕییە یوسف و پێی وت: (وەرە لەگەڵمدا بنوو.)

ئەویش ڕەتی کردەوە و بە ژنی گەورەکەی وت: (ئەوەتا گەورەم سەرقاڵی هیچ شتێک نییە کە لە ماڵەکەیدا هەیە، هەرچییەکیشی هەیە بە منی سپاردووە. کەسیش لە ماڵەکەدا لە من گەورەتر نییە. هیچیشی لێقەدەغە نەکردووم تەنها تۆ نەبێت، چونکە تۆ ژنی ئەویت. ئیتر چۆن دەبێت بەدکارییەکی ئاوا گەورە بکەم و گوناه بەرامبەر بە خودا بکەم؟) جا ڕۆژ بە ڕۆژ بە یوسفی دەووتەوە و ئەویش بەقسەی نەکرد، تا لەلایەوە بنووێت و لەگەڵی بێت.

ئەوە بوو ڕۆژێکیان هاتە ناو ماڵەکەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، هیچ کەسێکی ماڵەکەش لە ماڵەوە نەبوو.

جا لە کەواکەوەی گرتی و وتی: (لەگەڵمدا بنوو!) ئەویش کەواکەی بە دەستی ئەووەوە بەجێ هێشت و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە. کە بینی وا کەواکەی بە دەستی ئەمەوە بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوە، بانگی کەسانی ماڵەکەی کرد و پێی وتن: (سەیر بکەن، پیاوێکی عیبرانی بۆ هێناوین

دەستبازیمان لەگەڵ بکات. بۆم هاتۆتە ژوورەوە تا لەگەڵمدا بنووێت، منیش بە دەنگی بەرز قیژاندم. ئیتر کە گوێی لێبوو دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کەواکەی لامەوە بەجێ هێشت و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە.) ئینجا کەواکەی ئەوی لای خۆی دانا تاکو گەورەکەی گەڕایەوە ماڵەوە. ئیتر هەمان قسەی بۆ ئەو گێڕایەوە و پێی وت: (خزمەتکارە عیبرانییەکەی تۆ بۆت هێناوین، بۆم هاتە ژوورەوە تا دەستبازیم لەگەڵ بکات. بەڵام کە دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کەواکەی لامەوە بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوە.)

کە گەورەکەی ئەو قسەیەی ژنەکەی خۆی بیست کە بۆی کرد و پێی وت، (خزمەتکارەکەت ئاوای پێکردم،) تووڕەیی جۆشا. ئینجا گەورەکەی یوسفی هێنا و خستییە زیندانەوە، ئەو شوێنەی زیندانییەکانی پاشای لێ بەندکرابوون. ئیتر لەوێ لە زیندان مایەوە. بەڵام خوداوەند لەگەڵ یوسفدا بوو، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی خۆی بەسەردا کێشا و پەسەندی کرد لەبەرچاو کارگێڕی زیندانەکە. ئیتر کارگێڕی زیندانەکە هەموو ئەو زیندانییانەی خستە ژێر دەستی یوسفەوە کە لە زیندانەکەدا بوون، کردیشی بە لێپرسراوی هەر کارێک کە لەوێدا بکرایە. کارگێڕی زیندانەکەش سەیری هیچ شتێکی نەدەکرد کە بە دەست یوسف بووایە، چونکە خوداوەند لەگەڵ یوسفدا بوو، هەر کارێکیشی دەکرد خوداوەند سەری دەخست.

### پەیدابوون ٤٠ — ساقیی پاشای میسر و نانەواکەی

دوای ماوەیەک ساقیی پاشای میسر و نانەواکەی هەڵەیان بەرامبەر بە گەورەکەیان پاشای میسر کرد. جا فیرعەون تووڕە بوو لە دوو کاربەدەستەکەی، سەرۆکی ساقییەکان و سەرۆکی نانەواکان. ئیتر هەردووکیانی خستە زیندانەکەی ناو ماڵەکەی سەرۆکی پاسەوانەکانەوە، ئەو شوێنەی کە یوسفی تێدا زیندانی کرابوو. سەرۆکی پاسەوانەکانیش کاروباریانی بە یوسف سپارد، ئەویش خزمەتی کردن. ئیتر ماوەیەک لە زیندانەکەدا مانەوە.

ئینجا هەردووکیان، لە یەک شەودا خەویان بینیی، خەوی هەریەکەیان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا، ساقی پاشای میسر و نانەواکەی کە زیندانی کرابوون. بۆ سبەی بەیانی یوسف هات بۆ لایان، سەیری کردن هەردووکیان ماتومەلوولن. ئەویش پرسیاری لە هەردوو کاربەدەستەکەی فیرعەون کرد کە لەگەڵ خۆی لە زیندانی ماڵی گەورەکەی دان و وتی: (بۆچی ئەمڕۆ ڕووتان غەمگینە؟) پێیان وت: (خەونمان بینیوە و کەسێکیش نییە لێکیان بداتەوە.) یوسفیش پێی وتن: (ئایا لێکدانەوە هی خودا نییە؟ خەونەکانتانم بۆ بگێڕنەوە.)

سەرۆکی ساقییەکان خەوەکەی بۆ یوسف گێڕایەوە و وتی: (لە خەونمدا دار مێوێک لەبەردەمم بوو. سێ چڵ بە دار مێوەکەوە بوو، هەر کە چرۆیان کرد، گوڵیان گرت و هێشووەکانیان پێگەیشتن و بوون بە ترێ. جامەکەی فیرعەونیشم بەدەستەوە بوو، ترێکەم هێنا و گووشیمە ناو جامەکەی فیرعەون و جامەکەم دا بەدەست فیرعەونەوە.) یوسفیش پێی وت: (ئەمە لێکدانەوەکەیەتی: سێ چڵەکە سێ ڕۆژن. لە ماوەی سێ ڕۆژدا فیرعەون سەرت بەرز دەکات و دەتگێڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆت. جامەکەی فیرعەونیش دەدەیتەوە دەست خۆی وەک جاری جاران کە ساقی بوویت. کاتێک ژیانت باش دەبێت منت بێتەوە یاد، چاکەیەکم لەگەڵدا بکەیت و ناوم بهێنیت لەلای فیرعەون و لەم ماڵە دەرم بهێنیت. چونکە لە خاکی عیبرانییەکانەوە دزراوم، لێرەش بێ ئەوەی هیچم کردبێت خراومەتە زیندانەوە.)

کە سەرۆکی نانەواکان بینی باشی لێک دایەوە، بە یوسفی وت: (منیش لە خەومدا سێ سەبەتە نانی سپی لەسەر سەرم بوو. سەبەتەکەی سەرەوەیان هەموو جۆرە خواردنێکی فیرعەونی تێدابوو لەوانەی نانەوا دروستیان دەکات، باڵندەکانیش لەسەر سەبەتەکەی سەر سەرمەوە دەیانخوارد.) یوسفیش وەڵامی دایەوە و وتی: (ئەمە لێکدانەوەکەیەتی، سێ سەبەتەکە سێ ڕۆژن. لە ماوەی سێ ڕۆژیشدا، فیرعەون سەرت لێ بەرز دەکاتەوە، بە دارێکدا هەڵت دەواسێت، باڵندەش گۆشتەکەت دەخۆن.)

ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەمدا کەوا ڕۆژی لەدایکبوونی فیرعەون بوو، فیرعەون خوانێکی بۆ هەموو دەستوپێوەندەکەی کرد. سەری سەرۆکی ساقییەکان و سەری سەرۆکی نانەواکانی لەنێو دەستوپێوەندەکەیدا بڵند کرد. سەرۆکی ساقییەکانی گێڕایەوە بۆ مەیگێڕییەکەی خۆی. ئەویش جامی دایەوە دەستی فیرعەون. بەڵام سەرۆکی نانەواکانی هەڵواسی، وەک چۆن یوسف بۆی لێک دابوونەوە. سەرۆکی ساقییەکانیش یوسفی بیر نەکەوتەوە، بەڵکو لە یادی کرد.

### پەیدابوون ٤١ — خەونەکانی فیرعەون

ئەوە بوو دوای دوو ساڵ، فیرعەون خەونی بینی، کەوا لەلای ڕووباری (نیل) وەستاوە و لە ڕووبارەکەوە حەوت مانگای ڕوخسار جوان و گۆشتن هاتنە دەرەوە و لە مێرگەکەدا کەوتنە لەوەڕان. هەروەها ئەوەتا حەوت مانگای دیکە لەدوای ئەمانەوە هاتنە دەرەوە لە ڕووبارەکە، ڕوخسار ناشرین و

لەڕ و لەلای مانگاکانەوە ڕاوەستان لەسەر کەناری ڕووبارەکە. ئینجا مانگا ڕوخسار ناشرین و لەڕەکان، حەوت مانگا ڕوخسار جوان و گۆشتنەکەیان خوارد. ئیتر فیرعەون بە ئاگا هات. دوای ئەوە نووستەوە و دیسان خەوی بینیەوە، کەوا حەوت گوڵە گەنم لە لاسکێکەوە دەرچووە، قەڵەو و جوانن. هەروەها ئەوەتا حەوت گوڵە گەنمی باریک و سووتا و بە بای ڕۆژهەڵات لە دوای ئەمانەوە ڕوواون. ئینجا گوڵەگەنمە باریکەکان حەوت گوڵەگەنمە قەڵەو و پڕەکەیان قووت دا. ئیتر فیرعەون خەبەری بۆوە، ئەوەتا خەوە. ئەوە بوو سەر لە بەیانی دڵگران بوو، ئیتر ناردی بەدوای هەموو جادووگەرانی میسر و هەموو داناکانی‌دا. فیرعەون خەوەکەی خۆی بۆ گێڕانەوە، بەڵام کەسێک نەبوو لەنێویان‌دا بۆی لێک بداتەوە.

ئینجا سەرۆکی ساقییەکان قسەی لەگەڵ فیرعەون‌دا کرد و وتی: (من ئەمڕۆ هەڵەکانی خۆم دێتەوە یاد. جارێک فیرعەون لە دوو خزمەتکارەکەی خۆی تووڕە بوو، جا من و سەرۆکی نانەواکانی خستە زیندانی ماڵی سەرۆکی پاسەوانەکان. ئینجا من و ئەو لە یەک شەودا خەومان بینی، خەوی هەریەکەمان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوی ترمان. لەوێش کوڕێکی عیبرانیمان لەگەڵ بوو کەوا خزمەتکاری سەرداری پاسەوانان بوو. بۆ ئەومان گێڕایەوە، ئەویش هەردوو خەوەکەی بۆ لێک داینەوە، بۆ هەریەکەمان بەپێی خەوەکەی لێکی دایەوە. ئیتر ئەو چۆنی بۆ لێک داینەوە ئاوا ڕوویدا. ئەوە بوو من گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم و ئەویش هەڵواسرا.)

فیرعەونیش بەدوای یوسفی‌دا نارد، ئیتر خێرا لە زیندانەوە هێنایان. دوای ئەوەی تەراشی کرد و جلەکانی گۆڕی، هاتە بەردەم فیرعەون. فیرعەون بە یوسفی وت: (خەوێکم بینیوە و کەس نییە لێکی بداتەوە، دەربارەی تۆش بیستوومە کە خەو دەبیستیت تا لێکی بدەیتەوە.) یوسف وەڵامی فیرعەونی دایەوە و وتی: (هی من نییە، بەڵکو خودایە وەڵامی ئاشتی بەخش بە فیرعەون دەدات.) ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: (لە خەومدا ئەوەتام لەسەر کەناری ڕووباری نیل ڕاوەستاوم و ئەوەتا لە ڕووبارەکەوە حەوت مانگای گۆشتن و ڕوخسار جوان لە ڕووبارەکە هاتنە دەرەوە و لە مێرگەکەدا کەوتنە لەوەڕان و ئەوەتا حەوت مانگای دیکە بەدوایان‌دا هاتنە دەرەوە، لەڕ و زۆر ڕوخسار ناشرین و کەم گۆشت. لە هەموو خاکی میسردا نەمدیبوو وەک ئەوان لە ناشرینی‌دا. ئینجا مانگا لەڕ و ڕوخسار ناشرینەکان، حەوت مانگا قەڵەوەکەی یەکەم جاریان خوارد. جا چوونە ناو ورگیانەوە، بەڵام پێیانەوە دیار نەبوو کە ئەوانە چوونەتە ورگیانەوە، بەڵکو هەروەک یەکەم جار ڕوخساریان ناشرین بوو. ئیتر بە ئاگا هاتم. (دیسان لە خەومدا بینیم ئەوەتا حەوت گوڵەگەنم دەرچوون لە یەک لاسک‌دا، پڕ و جوان. هەروەها ئەوەتا حەوت گوڵەگەنمی وشک و باریک و سووتا و بە بای ڕۆژهەڵات بەدوایانەوە ڕوواون و گوڵەگەنمە باریکەکان حەوت گوڵەگەنمە جوانەکەیان قووت دا. ئەمەم بە جادووگەرەکان وت، بەڵام کەس نەبوو بۆم ڕوون بکاتەوە.)

یوسفیش بە فیرعەونی وت: (خەونەکانی فیرعەون یەکە و لە یەک دەچن. ئەوەی خودا دەیکات بە فیرعەونی ڕاگەیاند. حەوت مانگا جوانەکە حەوت ساڵن. حەوت گوڵەگەنمە جوانەکەش هەر حەوت ساڵن. یەک خەوە. حەوت مانگا لەڕ و ناشرینەکان بەدوایان‌دا هاتنە دەرەوە ئەوە حەوت ساڵن. حەوت گوڵەگەنمە باریک و سووتاوەکە بە بای ڕۆژهەڵات، دەبنە حەوت ساڵی برسییەتی. (ئەمەش ئەوەیە کە بە فیرعەونم وت، ئەوەی خودا دەیکات بە فیرعەونی نیشان دا. ئەوەتا حەوت ساڵ دێت تێروتەسەلییەکی مەزن لە هەموو خاکی میسردا دەبێت. ئینجا بەدوای ئەودا حەوت ساڵی برسییەتی دێت کە هەموو ئەو تێروتەسەلییە لە بیر دەباتەوە کە لە خاکی میسردا بووە. برسییەتی خاکەکە دەفەوتێنێت. ئیتر بەو تێروتەسەلییەی لە خاکەکەدا بووە نازانرێت، لەبەر ئەو برسییەتییەی بە دوای‌دا دێت، چونکە زۆر گران دەبێت. سەبارەت بەوەش کە خەوەکە دوو جار بۆ فیرعەون دووبارە کراوەتەوە لەبەر ئەوەیە کەوا ئەو کارە لەلای خوداوە بڕیار دراوە، خوداش خێرایە لە ئەنجامدانی. (ئێستاش با فیرعەون پیاوێکی وردبین و دانا ببینێت و لەسەر خاکی میسر داینێت. با فیرعەون سەرپەرشتیارانیش لەسەر زەوی دانێت بۆ وەرگرتنی پێنج یەکی دانەوێڵەی خاکی میسر لە حەوت ساڵی تێروتەسەلییەکەدا. ئیتر هەموو خواردنی ئەم ساڵە باشانەی کە دێت کۆ دەکەنەوە و گەنم لە ژێر دەستی فیرعەون لە عەمبار بکەن، بۆ خواردن لە شارەکان‌دا و چاودێری بکەن. ئەم خۆراکە دەبێتە ئازووقەی خاکەکە بۆ ئەو حەوت ساڵە برسییەتییەی کە لە خاکی میسردا دەبێت، ئیتر خاکەکە بە برسییەتی لەناو ناچێت.)

ئەم قسانە لەبەرچاوی فیرعەون باش بوو، هەروەها لەبەرچاوی هەموو دەستوپێوەندەکەی. فیرعەون بە دەستوپێوەندەکەی وت: (ئایا کەسێکی وەک ئەم پیاوەمان دەست دەکەوێت کەوا ڕۆحی خودای تێدابێت؟) ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: (دوای ئەوەی خودا هەموو ئەمانەی بۆت ئاشکرا کرد، ئیتر کوا لە تۆ وردبینتر و داناتر. تۆ لەسەر ماڵەکەی من دەبیت، لە دەمی تۆشەوە هەموو گەلەکەم ڕاسپاردە وەردەگرن، تەنها لە تەختی پاشایەتی‌دا لە تۆ گەورەتر دەبم.)

## یوسف لەسەر خاکی میسر دانرا

ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: (بڕوانە ئەوا تۆم دانا لەسەر هەموو خاکی میسر.) ئیتر فیرعەون ئەنگوستیلەکەی دەستی خۆی داکەند و کردییە دەستی یوسف، هەروەها جلوبەرگی کەتانی ناسکی لەبەر کرد و تەوقێکی زێڕیشی کردە ملی. پاشان سواری دووەم گالیسکەی خۆی کرد و لەپێشییەوە بانگەوازیان کرد: (بە چۆکدا بێن!) ئیتر دایینا لەسەر هەموو خاکی میسر. ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: (من فیرعەونم، بەڵام بەبێ قسەی تۆ کەس لە هەموو خاکی میسردا، نە دەستی و نە پێی بەرز ناکاتەوە.) فیرعەون یوسفی ناونا (سافنەت پەعنێح)، هەروەها (ئاسنەت)ی کچی (پۆتیفەرەع)ی کاهینی (ئۆن)ی پێی دا تا ببێتە ژنی . ئیتر یوسف چووە دەرەوە بۆ سەر خاکی میسر.

تەمەنی یوسف سی ساڵ بوو کاتێک لەبەردەم فیرعەونی پاشای میسر وەستا. یوسف لای فیرعەون چووەدەرەوە و بە هەموو خاکی میسردا تێپەڕی. لە حەوت ساڵی تێروتەسەلییەکەدا زەوی بە پڕی بەروبوومی دا. جا یوسف هەموو خۆراکی ئەو حەوت ساڵەی کۆکردەوە کە لە خاکی میسردا بوون، لە هەموو شارێکدا خۆراکی دانا، خۆراکی ئەو کێڵگانەی لە دەوروبەری شارەکە بوون لەناوی داینا. یوسف گەنمی کۆکردەوە وەک لمی دەریا، ئەوەندە زۆر ئیتر وازی لە ژماردنیان هێنا، چونکە لە ژماردن نەدەهاتن.

پێش هاتنی ساڵانی برسییەتییەکە، یوسف دوو کوڕی بۆ لەدایک بوو لە ئاسنەتی کچی پۆتیفەرەعی کاهنی ئۆن. یوسف کوڕە نۆبەرەکەی ناونا (مەنەسا) و وتی، (چونکە خودا هەموو ماندوویم و هەموو ماڵی باوکمی لەبیر بردمەوە.) دووەمیشیانی ناونا (ئەفرایم)، و وتی (چونکە خودا لە خاکی زەلیلیمدا بەرداری کردم.) ئەو حەوت ساڵە تێروتەسەلییەی لە خاکی میسردا بوو کۆتایی هات. ئینجا حەوت ساڵی برسییەتییەکە دەستی پێکرد، وەک یوسف وتبووی. برسییەتی لە هەموو زەویدا بوو، بەڵام لە هەموو خاکی میسردا نان هەبوو. ئینجا هەموو زەوی میسر برسیی بوو و خەڵکەکە هاواریان بۆ فیرعەون برد بۆ نان. فیرعەونیش بە هەموو میسرییەکانی وت: (بڕۆن بۆ لای یوسف، ئەوەی ئەو پێتان دەڵێت بیکەن.) برسییەتییەکە هەموو ڕووی خاکەکەی گرتەوە، ئینجا یوسف هەموو عەمارەکانی کردەوە و بە میسرییەکانی فرۆشت. برسییەتییەکە لە خاکی میسردا توندتر بوو. هەموو زەویش هاتن بۆ میسر تا لە یوسف گەنم بکڕن، چونکە برسییەتییەکە لە هەموو زەویدا توند بوو.

## براکانی یوسف بۆ میسر دەچن

پەیدابوون ٤٢

کاتێک یاقوب زانی کە لە میسر گەنم هەبوو، ئیتر یاقوب بە کوڕەکانی خۆی وت: (بۆ سەیری یەکتری دەکەن؟) ئینجا وتی: (ئەوەتا بیستوومە لە میسر گەنم هەیە. بەرەو خوار بنەوە بۆ ئەوێ و لەوێ بۆمان بکڕن، تا بژین و نەمرین.) ئیتر دە برای یوسف بەرەوخوار بوونەوە بۆ کڕینی گەنم لە میسر. بەڵام یاقوب بنیامینی برای یوسفی لەگەڵ براکانیدا نەنارد، چونکە وتی نەوەک تووشی بەڵایەک بێت. ئیتر کوڕانی ئیسرائیل هاتن بۆ کڕینی گەنم لەگەڵ ئەوانەی هاتبوون، چونکە برسییەتی لە خاکی کەنعاندا بوو.

یوسف خۆی دەسەڵاتدار بوو بەسەر زەوی، خۆی فرۆشیار بوو بۆ هەموو خەڵکی زەوی. ئینجا براکانی یوسف هاتن و ڕووەو زەوی کڕنۆشیان بۆ برد. کە یوسف سەیری براکانی خۆی کرد، ناسینیەوە. ئینجا خۆی لێگۆڕین و بە ڕەقی قسەی لەگەڵ کردن و پێی وتن: (لەکوێوە هاتوون؟) ئەوانیش وتیان: (لە خاکی کەنعانەوە بۆ خۆراک کڕین.) جا یوسف براکانی خۆی ناسییەوە، بەڵام ئەوان ئەمیان نەناسییەوە. ئینجا یوسف ئەو خەوانەی هاتەوە یاد کەوا بە ئەوانییەوەی بینیبووی و پێی وتن: (ئێوە سیخوڕن! بۆ ئەوە هاتوون تا ڕووتی خاکەکە ببینن.) ئەوانیش پێیان وت: (نەخێر گەورەم، بەڵکو خزمەتکارەکانت بۆ ئەوە هاتوون خۆراک بکڕن. ئێمە هەموومان کوڕانی پیاوێکین، کەسانێکی سەرڕاستین، خزمەتکارەکانت سیخوڕ نین.)

ئەویش پێی وتن: (نەخێر، بەڵکو هاتوون تا ڕووتی خاکەکە ببینن.) ئەوانیش وتیان: (خزمەتکارەکانت دوازدە بران. ئێمە کوڕانی پیاوێکین لە خاکی کەنعاندا. ئەوەتا ئەمڕۆ بچووکەکەمان لای باوکمانە، یەکێکیشمان بێسەروشوێنە.) یوسفیش پێی وتن: (ئەوەیە کە پێم وتن، ئێوە سیخوڕن. ئا بەمەش تاقی دەکرێنەوە، بە گیانی فیرعەون، لێرە ناچنە دەرەوە تەنها بە هاتنی برا بچووکەکەتان نەبێت بۆ ئێرە. یەکێک لە خۆتان بنێرن تا براکەتان بهێنێت، ئێوەش بەند دەکرێن، ئیتر قسەکەتان تاقی دەکرێتەوە کە ئایا ڕاستگۆییتان تێدایە؟ ئەگینا بە گیانی فیرعەون ئێوە سیخوڕن.) ئیتر بۆ سێ ڕۆژ پێکەوە لە زیندانی کردن.

لە ڕۆژی سێیەمدا یوسف پێی وتن: (ئەمە بکەن و بژین، من لەخواترسم. ئەگەر ئێوە سەرڕاستن، با برایەکتان لە زیندانەکەتاندا زیندانی بکرێت، ئێوەش بڕۆن و گەنم ببەنەوە بۆ برسییەتی ماڵەکانتان. ئینجا برا بچووکەکەتانم بۆ بهێنن، ئیتر ڕاستی قسەکانتان دەردەکەوێت و نامرن.) ئەوانیش وایان کرد.

بە یەکتریشیان وت: (بە ڕاستی بەرامبەر بە براکەمان تاوانبارین، کاتێک پەرێشانی گیانیمان بینی، لێمان پاڕایەوە و گوێمان لێ نەگرت. لەبەر ئەوەشە ئەم تەنگانەمان بەسەر هات.) ڕەئوبێنیش وەڵامی دانەوە و وتی: (ئەی پێم نەووتن گوناه بەرامبەر بەو کوڕە مەکەن؟ بەڵام ئێوە گوێتان نەگرت! ئەوەتا خوێنەکەی داوا دەکرێت.) نەشیان دەزانی یوسف لە قسەکانیان دەگات، چونکە بەهۆی زمانزانەوە قسەی لەگەڵ دەکردن. ئیتر لێیان جیا بۆوە و کەوتە گریان، دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ لایان و کەوتەوە قسەکردن لەگەڵیان. ئینجا شیمۆنی لێسەندن و لەپێش چاویان بەستییەوە. دوای ئەوە یوسف فەرمانی دا جەواڵەکانیان پڕ بکرێت لە گەنم و زیوی هەریەکەشیان بخرێتەوە هەگبەکەی خۆی و ئازووقەشیان پێ بدرێت بۆ ڕێگا. ئیتر وایان بۆ کرا.

ئیتر گەنمەکەیان لە گویدرێژەکانیان بار کرد و لەوێ ڕۆیشتن. ئەوە بوو یەکێکیان هەگبەکەی خۆی کردەوە تا ئالیک بدات بە گوێدرێژەکەی، لەو شوێنەی بۆ شەو مانەوە لێی وەستان، سەیری کرد زیوەکەی وا لە دەمی هەگبەکەی دایە. بە براکانی خۆی وت: (زیوەکەم بۆ گێڕدراوەتەوە، ئەوەتا لە هەگبەکەم دایە.) ئەوانیش دڵەکوتێیان تێکەوت و بە ترس و لەرزەوە بە یەکتریان وت: (ئەمە چییە خودا بە ئێمەی کردووە؟)

ئینجا هاتن بۆ لای یاقوبی باوکیان لە خاکی کەنعاندا، هەرچییەکیان بەسەر هاتبوو بۆیان گێڕایەوە و وتیان: (ئەو پیاوەی گەورەی خاکەکەیە بە ڕەقییەوە قسەی لەگەڵدا کردین و وای داناین سیخوڕی خاکەکە بین. ئێمەش پێمان وت، "ئێمە سەرڕاستین و سیخوڕ نین. ئێمە دوازدە برای کوڕی باوکێکین. یەکێکمان نەماوە و بچووکەکەشمان ئەمڕۆ لای باوکمانە لە خاکی کەنعان." (ئەو پیاوەش کەوا گەورەی خاکەکەیە پێی وتین، "بەمە دەزانم ئێوە سەرڕاستن، با یەکێک لە براکانتان لای من بمێنێتەوە و ئەوەی بۆ برسیەتی ماڵەکانتان پێویستە ببەن و بڕۆن. ئینجا برا بچووکەکەتانم بۆ بهێنن. ئیتر دەزانم ئێوە سیخوڕ نین، بەڵکو سەرڕاستن. براکەشتان پێ دەدەمەوە و لە خاکەکەشدا بازرگانی خۆتان بکەن.")

ئەوە بوو کاتێک هەگبەکانیان بەتاڵ دەکردەوە، کیسەی زیوی هەریەکەیان لە هەگبەکەی خۆیدا بوو! ئیتر کە کیسەی زیوەکانیان بینی، خۆیان و باوکیان ترسیان لێ نیشت. یاقوبی باوکیشیان پێی وتن: (منتان بێبەش کرد. یوسف نەما و شیمۆنیش نەما، ئێستاش بنیامین دەبەن. هەمووی بەسەر منىدا شکاوەتەوە.) ڕەئوبێن بە باوکی وت: (ئەگەر بۆم نەهێنایتەوە هەردوو کوڕەکەم بکوژە. بیدە دەستی من، خۆم بۆتی دەهێنمەوە.) یاقوب وتی: (کوڕی من لەگەڵ ئێوەدا بەرەوخوار نایێتەوە، چونکە براکەی مردووە و ئەویش بەتەنیا ماوەتەوە. ئەگەر لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن تووشی شتێک بێت، ئەوا سەری سپیم بەخەمەوە دەنێنە ناو جیهانی مردووانەوە.)

**پەیدابوون ٤٣** **گەشتی دووەم بۆ میسر**

برسییەتییەکە لە خاکەکەدا هەر سەخت بوو. ئەوە بوو کە لە خواردنی گەنمەکە بوونەوە کە لە میسرەوە هێنابوویان، باوکیان پێی وتن: (بگەڕێنەوە و هەندێک خۆراکمان بۆ بکڕن.) یەهوداش پێی وت: (ئەو پیاوە بە تەواوی ئاگاداری کردینەوە و وتی، "بەبێ ئەوەی براکەتان لەگەڵ بێت، چاوتان بە چاوم ناکەوێت." ئەگەر براکەمان لەگەڵ بنێریت ئەوا بەرەو خوار دەبینەوە و خۆراکت بۆ دەکڕین. خۆ ئەگەر ناینێریت ئەوا بەرەو خوار نابینەوە، چونکە پیاوەکە پێی وتین، "چاوتان بە چاوم ناکەوێت، بێ ئەوەی براکەتان لەگەڵتاندا بێت.") ئیسرائیلیش وتی: (بۆچی خراپەتان لەگەڵ کردم بەوەی بە پیاوەکەتان ڕاگەیاند برایەکی دیکەشتان هەیە؟) ئەوانیش وتیان: (پیاوەکە دەربارەی خۆمان و کەسوکارمان پرسیاری لێکردین: "ئایا باوکتان ماوە؟ برای دیکەتان هەیە؟" ئێمەش بەپێی ئەم قسانە پێیمان ڕاگەیاند. چۆن بمانزانیبووایە کە پێمان دەڵێت، "براکەتان بەرەوخوار بهێنن؟")
یەهودا بە ئیسرائیلی باوکی وت: (کوڕەکە لەگەڵ من بنێرە، هەڵدەستین و دەڕۆین، ئیتر خۆمان و تۆ و منداڵەکانمان دەژین و نامرین. خۆم دەستەبەری دەبم، لە دەستی من داوای دەکەیتەوە. ئەگەر بۆم نەهێنایتەوە و لەبەردەمت ڕام نەگرت ئەوا تاهەتایە بەرامبەر بە تۆ گوناهبارم. چونکە ئەگەر ئاوا دوا نەکەوتینایە، ئێستا ئەمە دووەم جار بوو هاتبووینەوە.)

ئیسرائیلی باوکیشیان پێی وتن: (ئەگەر وایە، ئەوا ئەمە بکەن، لە باشترین بەرهەمی زەوی بخەنە ناو جەواڵەکانتان و بە دیاری بۆ پیاوەکەی ببەن، هەندێک هەتووان و هەندێک هەنگوین و بەهارات و موڕ و بستە و بادەم. دوو هێندەش زیو لەگەڵ دەستتان ببەن، ئەو زیوەش کەوا لە دەمی هەگبەکانتاندا گێڕدرابووەوە لەگەڵ دەستی خۆتان ببەنەوە، لەوانەیە بە هەڵە چووبێت. براکەتان ببەن و هەستن بگەڕێنەوە لای پیاوەکە. [14] خودای هەرە بە توانا وا بکات ئەو پیاوە بەزەیی هەبێت بەرامبەرتان، تا واز لە براکەی دیکەتان و بنیامین بهێنێت. منیش ئەگەر لە منداڵان بێبەش بووم، ئەوا لێیان بێبەشم.) پیاوەکانیش ئەم دیارییەیان هەڵگرت و دوو هێندە زیویشیان لەگەڵ دەستیان هەڵگرت و لەگەڵ بنیامین و هەڵستان و بەرەوخوار بوونەوە بۆ میسر و لەبەردەم یوسف وەستان.

کە یوسف بنیامینی لەگەڵیاندا بینی، بە سەرکاری ماڵەکەی وت: (ئەم پیاوانە ببەرە ماڵەوە و ئاژەڵێکیش سەر ببڕە و ئامادەی بکە، چونکە ئەم پیاوانە

بۆ نیوەڕۆ لەگەڵ خۆم نان دەخۆن.) ئیتر یوسف چۆنی وت، پیاوەکە ئاوای کرد و پیاوەکانی بردە ماڵی یوسف. پیاوەکان ترسان کاتێک برانە ماڵی یوسف، وتیان: (بەهۆی ئەو زیوەی جاری یەکەم گێڕدرابووەوە ناو هەگبەکانمان ئێمەیان هێناوەتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی پەلامارمان بدات و بکەوێتە سەرمان و بمانگرێت بە کۆیلە و گوێدرێژەکانمان ببات.) ئیتر لە سەرکاری ماڵەکەی یوسف چوونە پێشەوە و لەناو دەرگای ماڵەکەدا قسەیان لەگەڵ کرد. پێیان وت: (گوێ بگرە گەورەم، ئێمە یەکەم جار هاتینە خوارەوە بۆ کڕینی خۆراک. ئەوە بوو کە لە شوێنی شەومانەوەکەمان وەستاین، هەگبەکانمان کردەوە، ئەوەتا زیوی هەریەکەمان لە دەمی هەگبەکەی‌دا بوو بە کێشی تەواوی خۆی، ئێمەش لەگەڵ دەستی خۆمان‌دا هێنامانەوە. هەروەها زیوی دیکەشمان لەگەڵ دەستی خۆمان هێناوە بۆ ئەوەی خۆراک بکڕین. ناشزانین کێ زیوەکانمانی خستبووە ناو هەگبەکانمان.) ئەویش پێی وتن: (ئاشتیتان بۆ بێت، مەترسن. خوداکەی ئێوە و خوداکەی باوکتان هەگبەکانتانی کرد بە گەنجینە، من زیوەکانی ئێوەم وەرگرتووە.) ئینجا شیمۆنی بۆ هێنانە دەرەوە. ئیتر پیاوەکە ئەوانی هێنایە ژوورەوە بۆ ماڵەکەی یوسف و ئاوی دانێ تا پێیان بشۆن و ئالیکی دا بە گوێدرێژەکانیان. ئەوانیش دیارییەکەیان ئامادە کرد بۆ کاتی گەیشتنی یوسف لەدەمەو نیوەڕۆدا، چونکە بیستبوویان ئەوان لەوێ نان دەخۆن.

کە یوسف هاتەوە ماڵێ، دیارییەکەیان بۆ هێنا کە لەگەڵ دەستی خۆیان هێنابوویان بۆ ماڵەکە، ڕووەو زەویش کڕنۆشیان بۆ برد. ئەویش هەواڵی پرسین و وتی: (باوکە پیرەکەتان چۆنە کە بۆتان باس کردم؟ ئایا هێشتا ماوە؟) ئەوانیش وتیان: (خزمەتکاری خۆت باوکی ئێمە باشە و هێشتاش زیندووە.) ئیتر بۆی نووشتانەوە و کڕنۆشیان بۆی برد. ئەویش چاوی هەڵبڕی و سەیری بنیامینی برای کوڕی دایکی خۆی کرد و وتی: (ئەمەیە برا بچووکەکەتان کە بۆتان باس‌کردم؟) ئینجا وتی: (خودا میهرەبان بێت لەگەڵت کوڕم.) ئیتر یوسف پەلەی کرد، چونکە هەناوی گڕی گرت بۆ براکەی و داوای شوێنێکی کرد تا تێیدا بگری. جا چووە ژوورەکەی خۆی و لەوێ گریا. پاشان دەموچاوی شوشت و هاتە دەرەوە و دانی بەخۆی‌دا گرت و وتی: (نان بهێنن.) ئەوانیش بەجیا خواردنیان بۆ ئەم هێنا و بۆ ئەوانیش بەجیا و بۆ میسرییەکانیشیان بەجیا هێنا کە لای ئەو نانیان دەخوارد، لەبەر ئەوەی میسرییەکان نەیاندەتوانی لەگەڵ عیبرانییەکان پێکەوە نان بخۆن، چونکە لای میسرییەکان کارێکی قێزەوەن بوو. کاتێک لەبەردەمی‌دا دانیشتبوون بەپێی تەمەنیان، لە نۆبەرەکەیانەوە تا بچووکەکەیان. بەسەرسامیشەوە دەیانڕوانییە یەکتری. کاتێک لە خوانەکەی یوسف خواردنی بەش دان، بەڵام بەشەکەی بنیامین پێنج ئەوەندەی بەشەکانی هەموویان بوو. ئیتر لەگەڵی‌دا خواردیانەوە و خەیاڵ بوون.

**پەیدابوون ٤٤** **جامە زیوەکە لە هەگبەکەدا**

ئینجا یوسف فەرمانی دا بە سەرکاری ماڵەکەی خۆی و وتی: (هەگبەی پیاوەکان پڕ بکەن لە خۆراک ئەوەندەی لە توانایان دایە هەڵی بگرن، زیوی هەریەکەشیان بخەوە دەمی هەگبەکەی. جامەکەی خۆشم، جامە زیوەکە، لە دەمی هەگبەی بچووکەکەیان دابنێ لەگەڵ نرخی گەنمەکەی.) ئەویش بەپێی قسەکەی یوسف کارەکەی ئەنجام دا.

کە ڕۆژ بووەوە، پیاوەکان خۆیان و گوێدرێژەکانیان ڕۆیشتن. کاتێک کە لە شار دەرچووبوون، بەڵام هێشتا دوور نەکەوتبوونەوە، یوسف بە سەرکاری ماڵەکەی خۆی وت: (هەستە و دوای ئەو پیاوانە بکەوە، کە پێیان گەیشتیت، پێیان بڵێ، "بۆچی بە خراپە پاداشتی چاکەتان دایەوە؟ ئایا ئەمە ئەو جامە نییە کەوا ئاغام تێیدا دەخواتەوە و فاڵی پێ دەگرێتەوە؟ ئەوەی کردتان کارێکی خراپ بوو.")

ئەویش پێیان گەیشتەوە و ئەم قسانەی پێوتن. ئەوانیش پێیان وت: (بۆچی گەورەمان قسەی وا دەکات؟ دوور بێت لە خزمەتکارەکانت شتی وا بکەن. ئەوەتا ئەو زیوەی لە دەمی هەگبەکانمان‌دا دۆزیبوومانەوە، لە خاکی کەنعانەوە بۆمان هێنابووتیەوە. ئیتر چۆن لە ماڵی گەورەکەت زیو یان زێڕ دەدزین؟ لای هەرکام لە خزمەتکارەکانت دۆزرایەوە، ئەوە دەمرێت. ئێمەش دەبینە کۆیلەی گەورەی خۆمان.) ئەویش وتی: (باشە، ئێستا بەپێی قسەکەی خۆتان دەبێت. ئەوەی لای دەدۆزرێتەوە دەبێتە کۆیلەی من. ئێوەش بێ‌تاوان دەبن.) ئیتر هەریەکەیان خێرا هەگبەکەی خۆی داگرتە سەر زەوی و هەریەکەیان هەگبەکەی خۆی کردەوە. ئەویش کەوتە پشکنین، لە گەورەکەیانەوە دەستی پێکرد و لە بچووکەکەیان‌دا تەواو بوو. جا جامەکەی لە هەگبەی بنیامین‌دا دۆزییەوە. ئەوانیش جلەکانی بەری خۆیان دادڕی و گوێدرێژەکانیان بار کردەوە و گەڕانەوە بۆ شارەکە.

ئینجا یەهودا و براکانی هاتنە ناو ماڵەکەی یوسف، ئەویش خۆی هێشتا لەوێ بوو، ئیتر لەبەردەمی کەوتنە سەر زەوی. یوسفیش پێی وتن: (ئەم کارە چییە ئێوە کردووتانە؟ ئایا نەتاندەزانی پیاوێکی وەک من فاڵ دەگرێتەوە؟) یەهوداش وتی: (چی بە گەورەی خۆم بڵێین؟ قسەی چی بکەین و بە چی پاکانەی خۆمان بکەین. خودا تاوانی خزمەتکارەکانتی دەرخستووە. ئێستاش ئێمە کۆیلەی گەورەی خۆمانین، ئێمە و ئەوەی جامەکەش لە دەستی گیراوە.) بەڵام یوسف وتی: (لە من دوور بێت شتی وا بکەم! ئەو پیاوەی جامەکەی لە دەست گیراوە ئەو دەبێتە کۆیلەم. ئێوەش بە سەلامەتی سەربکەونەوە بۆ لای باوکتان.)

ئینجا یەهودا لێی چووە پێشەوە و وتی: (گەورەم گوێ بگرە، با خزمەتکاری خۆت قسەیەک بکات لە گوێی گەورەم، ڕقیشت لە خزمەتکاری خۆت هەڵنەستێت، چونکە تۆ وەک خودی فیرعەونیت. گەورەم لە خزمەتکارانی خۆی پرسی، "ئایا باوک یان براتان هەیە؟" ئێمەش بە گەورەمان وت، "باوکێکی پیرمان هەیە، کوڕێکی بچووکی تەمەنی پیری ئەویشمان هەیە براکەی مردووە و خۆی بەتەنیا بۆ دایکی ماوەتەوە و باوکیشی خۆشی دەویێت." (تۆش بە خزمەتکارانی خۆتت وت، "بۆم بهێنن تا بە چاوی خۆم ببینم." ئێمەش بە گەورەمان وت، "کوڕەکە ناتوانێت باوکی بەجێ بهێڵێت، چونکە ئەگەر باوکی بەجێ بهێڵێت باوکی دەمرێت." تۆش بە خزمەتکارەکانی خۆتت وت، "ئەگەر برا بچووکەکەتان بەرەوخوار نەهات لەگەڵتان، ئەوا چاوتان بە چاوم ناکەوێتەوە." ئەوە بوو کە بەرەوژوور بووینەوە بۆ لای خزمەتکاری خۆت باوکمان، ئەوەی قسەکانی گەورەی خۆممان پێ ڕاگەیاند.

(پاشان باوکمان پێی وتین، "بگەڕێنەوە و هەندێک خواردنمان بۆ بکڕن." ئێمەش وتمان، "ناتوانین بەرەوخوار بیینەوە، تەنها ئەگەر برا بچووکەکەمان لەگەڵدا بێت بەرەوخوار دەبینەوە، چونکە ناتوانین چاومان بە چاوی پیاوەکە بکەوێت و برا بچووکەکەشمان لەگەڵ نەبێت." (جا خزمەتکارەکەت، باوکمان پێی وتین، "ئێوە دەزانن ژنەکەم دووانی بووە بۆم، یەکێکیان لای من ڕۆیشت و وتم، (هەبێت و نەبێت پارچە پارچە کراوە.) تا ئێستاش چاوم پێ نەکەوتۆتەوە. خۆ ئەگەر ئەمەشیان لەبەردەمم ببەن و بەڵایەکی بەسەر بێت، ئەوا مووە سپییەکانم بە خەموپەژارەوە دەنێنە ناو جیهانی مردووانەوە."

(ئێستاش ئەگەر بچمەوە لای خزمەتکاری خۆت باوکم، کوڕەکەشمان لەگەڵدا نەبێت و گیانیشی پەیوەستە بە گیانی ئەمەوە، ئیتر هەر کە بینیی کوڕەکە دیار نییە، ئەوا بۆ خۆی دەمرێت و ئێمەی خزمەتکارانیشت سەر سپی خزمەتکارت باوکمان بە خەموپەژارەوە دادەگرینە ناو جیهانی مردووان. چونکە خزمەتکاری خۆت دەستەبەری سەلامەتی کوڕەکەی کردووە لای باوکم. وتوومە، "ئەگەر بۆم نەهێنایەتەوە ئەوا تاهەتایە تاوانبارم بەرامبەر بە باوکم!"

(ئێستاش با خزمەتکاری خۆت لە بری کوڕەکە بمێنێتەوە و ببێت بە کۆیلەی گەورەی خۆم، کوڕەکەش لەگەڵ براکانیدا بەرەوژوور ببێتەوە. چونکە چۆن بەرەوژوور ببمەوە بۆ لای باوکم و کوڕەکەم لەگەڵدا نەبێت؟ نەوەک ئەو مەینەتییە ببینم کە بەسەر باوکمدا دێت.)

**پەیدابوون ٤٥ — یوسف خۆی دەردەخات**

ئیتر یوسف نەیتوانی خۆی ڕابگرێت لەبەردەم هەموو ئەوانەی لەلای وەستابوون، هاواری کرد: (هەمووان لەلام بڕۆنە دەرەوە!) ئیتر کەسی لێ نەمابوو کاتێک خۆی بە براکانی ناساند. بە دەنگێکی وا بەرز گریا کە میسرییەکان گوێیان لێبوو، ماڵی فیرعەونیش ئەمەی بیست. یوسف بە براکانی وت: (من یوسفم. ئایا باوکم هێشتا ماوە؟) بەڵام براکانی نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە چونکە لەبەردەم یوسف تۆقین.

ئینجا یوسف بە براکانی وت: (وەرنە پێشەوە لێم.) ئەوانیش هاتنە پێشەوە، ئەمیش وتی: (من یوسفی براتانم کە بە میسرتان فرۆشت. ئێستاش نە داخ هەڵبکێشن و نە لەسەر دڵیشتان گران بێت کە منتان بە ئێرە فرۆشتووە، چونکە بۆ مانەوەی ژیان بوو کە خودا منی پێش ئێوە نارد. چونکە ئەمە دوو ساڵە برسییەتییەکە لەناو خاکەکە دایە، بۆ پێنج ساڵی دیکەش نە کێڵان دەبێت و نە دروێنە. خوداش منی پێش ئێوە نارد بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژتان لە زەوی، بۆ ژیان بۆتان، بۆ دەربازبوونێکی مەزن.

(ئێستاش ئێوە نین کە منتان نارد بۆ ئێرە، بەڵکو خودایە منی کردووە بە باوک بۆ فیرعەون و بە گەورەی هەموو ماڵەکەی و فەرمانڕەوا بەسەر هەموو خاکی میسردا. پەلە بکەن و بەرەوژوور ببنەوە بۆ لای باوکم و پێی بڵێن، "یوسفی کوڕت وای وت، خودا منی کردووە بە گەورەی هەموو میسر. بەرەوخوار بەرەوە بۆ لام و ڕامەوەستە. لە زەوی (گۆشەن) نیشتەجێ دەبیت و لە من نزیک دەبیت، خۆت و کوڕەکانت و کوڕی کوڕەکانت و ڕانە مەڕەکەت و گاگەلەکەت و هەرچییەکت هەیە. لەوێ خۆم بەخێوت دەکەم، چونکە برسییەتییەکە هێشتا پێنج ساڵی ماوە. ئەگینا خۆت و ماڵەکەت و هەرچیشت هەیە هەژار دەبن."

(ئەوەتا چاوەکانتان دەبینێت، هەروەها چاوەکانی بنیامینی براشم، کەوا دەمی منە قسەتان لەگەڵدا دەکات. هەموو مەزنی من لە میسردا بە باوکم ڕادەگەیێنن، لەگەڵ هەموو ئەوەی بینیوتانە و بە پەلەش باوکم بەرەوخوار دەکەنەوە بۆ ئێرە.) ئینجا کەوت بەسەر شانی بنیامینی برای و گریا، بنیامینیش بەسەر شانیدا گریا. ئینجا هەموو براکانی ماچ کرد و گریا بەسەریان. دوای ئەوە براکانی قسەیان لەگەڵدا کرد.

هەواڵەکە لە ماڵی فیرعەون بیسترا و وترا، (براکانی یوسف هاتوون،) فیرعەون و دەستوپێوەندەکەی پێیان باش بوو. فیرعەون بە یوسفی وت: (بە براکانت بڵێ، "ئەمە بکەن: وڵاخەکانتان بار بکەن و بڕۆن بۆ خاکی کەنعان. باوکتان و ماڵتان هەڵبگرن و وەرن بۆ لام، منیش باشترین زەوی

میسرتان دەدەمێ و لە چەوریی زەوییەکە بخۆن." (هەروەها تۆ فەرمانت پێکراوە فەرمانیان پێبکە، "ئەمە بکەن: لە خاکی میسرەوە عەرەبانە ببەن بۆ منداڵەکانتان و ژنەکانتان، باوکیشتان سەربخەن و وەرن. با چاویشتان بەدوای کەلوپەلەکانتانەوە نەبێت، چونکە خۆشی هەموو زەوی میسر بۆ ئێوە دەبێت.")

کوڕەکانی ئیسرائیلیش وایان کرد. یوسفیش لەسەر زاری فیرعەون، عەرەبانەی دا پێیان، هەروەها ئازووقەشی دانێ بۆ ڕێگا. بە هەریەکەیان جلی نوێی پێ دان، بەڵام بە بنیامین سێ سەد پارچە زیو و پێنج دەست جلی دا. ئەمانەشی بۆ باوکی نارد، دە گوێدرێژی بارکراو لە خێروبێری میسر، دە ماکەری بارکراو لە گەنم و نان و خۆراک بۆ ڕێگا بۆ باوکی. ئینجا براکانی نارد و ڕۆیشتن، پێیشی وتن: (لە ڕێگا بەگژ یەکدا مەچن!) ئەوانیش لە میسرەوە بەرەوژوور بوونەوە و هاتن بۆ خاکی کەنعان بۆ لای یاقوبی باوکیان. پێیان ڕاگەیاند و وتیان: (یوسف هێشتا زیندووە و خۆی فەرمانڕەوای هەموو خاکی میسرە!) یاقوبیش بووڕایەوە، چونکە بڕوای پێ نەکردن. ئیتر هەموو ئەو قسانەی یوسفیان پێ وت کە پێی وتبوون. چاویشی بە عەرەبانەکان کەوت کە یوسف ناردبوونی بۆ هێنانی ئەم، بەوەش ڕۆحی یاقوبی باوکیان ژیایەوە. ئیسرائیل وتی: (بەسە! یوسفی کوڕم هێشتا ماوە، دەڕۆم و دەیبینم پێش ئەوەی بمرم.)

**پەیدابوون ٤٦ یاقوب بۆ میسر دەچێت**

ئیتر ئیسرائیل بە هەرچییەکەوە کە هەیبوو کۆچی کرد و هاتە بیری شابەع و قوربانی بۆ خودای ئیسحاقی باوکی سەربڕی. خودا لە بینینی شەودا بە ئیسرائیلی فەرموو: (یاقوب! یاقوب!) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) فەرمووی: (من خودام، خودای باوکتم. مەترسە لە بەرەوخوار ڕۆیشتنت بۆ میسر، چونکە لەوێ دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن. من لەگەڵ تۆدا دێمە خوارێ بۆ میسر، خۆشم سەرت دەخەمەوە. یوسفیش دەستی خۆی دەنێتە سەر چاوەکانت.)

ئیتر یاقوب لە بیری شابەع هەڵستا، کوڕانی ئیسرائیلیش یاقوبی باوکیان و منداڵەکانیان و ژنەکانیان هەڵگرت و سواری ئەو عەرەبانانەیان کردن کەوا فیرعەون بۆ هەڵگرتنی ئەو ناردبووی. هەروەها لەگەڵ خۆیاندا ئاژەڵە ماڵییەکانیان و ئەو کەلوپەلانەی لە خاکی کەنعان دەستیان کەوتبوو هەڵگرت و هاتن بۆ میسر، یاقوب و هەموو نەوەکەی لەگەڵی. کوڕەکانی و کوڕانی کوڕەکانی و کچەکانی و کچانی کوڕەکانی و هەموو نەوەکەی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ میسر.

ئەمانەش ناوی کوڕەکانی ئیسرائیلن کە هاتن بۆ میسر، یاقوب و کوڕەکانی.

نۆبەرەی یاقوب ڕەئوبێن. کوڕانی ڕەئوبێن، حەنۆک و (پەلو) و (حەسرون) و (کەرمی). کوڕانی شیمۆن، (یەموئێل) و (یامین) و (ئۆهەد) و (یاکین) و چۆحەر و شائوولی کوڕی ژنێکی کەنعانی. کوڕانی لێڤی، (گێرشۆن) و (قەهات) و (مەراری). کوڕانی یەهودا، ئێر و ئۆنان و شالەح و پێرێز و زێرەح، بەڵام ئێر و ئۆنان لە خاکی کەنعان مردن. کوڕانی پێرێزیش ئەمانە بوون، حەسرون و (حامول). کوڕانی یەساکر، (تۆلاع) و (پوڤە) و (یاشوڤ) و (شیمرۆن). کوڕانی زەبولون، (سەرەد) و ئێلۆن و (یەحلئێل). ئەمانە کوڕانی لێئەن کە بۆ یاقوبی بوون لە پەدان ئارام، لەگەڵ دینەی کچیشیدا. هەموو کوڕ و کچەکانی سی و سێ کەس بوون.

کوڕانی گاد، (چیفۆن) و (حەگی) و (شونی) و (ئەچبۆن) و (عێری) و (ئەرۆدی) و (ئەرئێلی). کوڕانی ئەشیر، (یمنە) و (یشڤە) و (یشڤی) و (بریعە) لەگەڵ (سەرەح)ی خوشکیان. کوڕانی بریعەش، (حەڤەر) و (مەلکیئێل). ئەمانەش کوڕانی زیلپە بوون کە لابان دابووی بە لێئەی کچی. ئەویش ئەمانەی بۆ یاقوب خستەوە کەوا شانزە کەس بوون.

دوو کوڕەکەی ڕاحیلی ژنی یاقوب، یوسف و بنیامین. لە خاکی میسریشدا، مەنەسا و ئەفرایم بۆ یوسف لەدایک بوون لە ئاسنەتی کچی پۆتیفەرەعی کاهینی ئۆن. کوڕانی بنیامین، بەلەع و (بەکەر) و (ئەشبێل) و (گێرا) و (نەعمان) و (ئێحی) و (ڕۆش) و (موپیم) و (حوپیم) و (ئارید).

ئەمانە کوڕانی ڕاحیلن کە بۆ یاقوبی بوون. هەموویان چواردە کەس بوون. کوڕەکەی دان، (حوشیم). کوڕانی نەفتالی، (یەحزئێل) و (گۆنی) و (یێچەر) و (شلێم). ئەمانە کوڕانی بیلهەن کە لابان دابووی بە ڕاحیلی کچی. ئەویش ئەمانەی بۆ یاقوب بوو. هەموویان حەوت کەس بوون.

هەموو ئەوانەی لەگەڵ یاقوبدا هاتن بۆ میسر و لە پشتی ئەوەوە دەرچووبوون، جگە لە ژنانی کوڕەکانی، شەست و شەش کەس بوون. بە هەردوو کوڕەکەی یوسفەوە کە لە میسر بۆی لەدایک ببوون، سەرجەمی کەسانی ماڵی یاقوب کە هاتن بۆ میسر، حەفتا کەس بوون.

یاقوب یەهودای لەپێش خۆیەوە نارد بۆ لای یوسف تا بەرەو گۆشەن ڕێنمایی بکات. ئینجا هاتن بۆ خاکی گۆشەن. یوسف گالیسکەکەی خۆی

بەستەوە و بەرەو گۆشەن هەڵکشا بۆ پێشوازیکردنی ئیسرائیلی باوکی. کە بینی دەستی کرد بە ملیدا و بۆ ماوەیەک گریا. ئیسرائیل بە یوسفی وت: (ئێستا با بمرم دوای ئەوەی ڕووی تۆم بینی و زانیم هێشتا زیندوویت.) ئینجا یوسف بە براکانی و ماڵی باوکی وت: (بەرەوژوور دەبمەوە و بە فیرعەون ڕادەگەیێنم و پێی دەڵێم، "براکانم و ماڵی باوکم کە لە خاکی کەنعان بوون، هاتن بۆ لام. پیاوەکانیش شوانی مەڕن، چونکە خاوەن ماڵاتن، جا مەڕەکانیان و مانگاکانیان و هەرچییان هەیە هێناویانە." ئینجا ئەگەر فیرعەون بانگی کردن و وتی، "کارتان چییە؟" دەڵێن، "خزمەتکارانت خاوەن ماڵاتن، لە منداڵیمانەوە تاکو ئێستا، خۆمان و باووباپیرانمان،" بۆ ئەوەی لە ناوچەی گۆشەندا نیشتەجێ ببن، چونکە میسرییەکان قێزیان لە هەموو شوانێکی مەڕ دەبێتەوە.)

**پەیدابوون ٤٧**

یوسف چوو و بە فیرعەونی ڕاگەیاند و وتی: (باوکم و براکانم، بە ڕانە مەڕ و مانگایان و هەرچی هەیانە، لە خاکی کەنعانەوە هاتوون و ئەوەتان لە خاکی گۆشەن.) لەنێو براکانیدا پێنج پیاوی برد و لەبەردەم فیرعەون ڕای گرتن. فیرعەونیش بە براکانی وت: (کارتان چییە؟) ئەوانیش بە فیرعەونیان وت: (خزمەتکارانت شوانی مەڕن، خۆشمان و باووباپیرانیشمان.) هەروەها بە فیرعەونیان وت: (بۆ ئاوارەبوون لەم خاکە هاتووین،چونکە لەوەڕگا نەماوە بۆ مەڕەکانی خزمەتکارانت لەبەر ئەوەی برسییەتییەکە لە خاکی کەنعاندا سەختە، ئێستاش ڕێگا بدە با خزمەتکارانت لە خاکی گۆشەندا نیشتەجێ بن.) فیرعەون لەگەڵ یوسف قسەی کرد و پێی وت: (باوکت و براکانت هاتوون بۆ لای تۆ. خاکی میسر لەبەردەمت دایە، لە باشترین زەویدا باوکت و براکانت نیشتەجێ بکە. با لە زەوی گۆشەندا نیشتەجێ بن. ئەگەر زانیشت وا لەنێوانیاندا کەسانی بە توانا هەیە، ئەوا بیانکە بە سەرکارانی ئەو ماڵاتەی هی خۆمن.)

ئینجا یوسف یاقوبی باوکی هێنایە ژوورەوە و لەبەردەم فیرعەون ڕای گرت. یاقوبیش داوای بەرەکەتی بۆ فیرعەون کرد. فیرعەونیش بە یاقوبی وت: (ساڵانی تەمەنت چەندە؟) یاقوبیش بە فیرعەونی وت: (ساڵانی ئاوارەییم سەدوسی ساڵە. ساڵانی تەمەنم کەم و سەخت بوون، نەگەیشتوونە ساڵانی تەمەنی باووباپیرانم لە ڕۆژانی ئاوارەییاندا.) ئیتر یاقوب داوای بەرەکەتی بۆ فیرعەون کرد و لای فیرعەون هاتە دەرەوە. ئینجا یوسف باوکی و براکانی خۆی لە خاکی میسردا نیشتەجێ کرد و لە باشترین زەوی لە زەوی میسردا موڵکی پێ دان، لە زەوی (ڕەعمسێس)دا، بەپێی فەرمانی فیرعەون. هەروەها یوسف باوکی و براکانی و هەموو ماڵی باوکیشی بەپێی ژمارەی منداڵەکانیان بە نان بەخێو کرد.

**یوسف و برسییەتییەکە**

لە هەموو خاکەکەدا نان نەبوو، چونکە برسییەتییەکە زۆر سەخت بوو، خاکی میسر و خاکی کەنعان بەهۆی برسییەتییەکەوە لە کەڵک کەوتبوون. یوسف هەموو ئەو زیوەی کۆکردەوە کە لە خاکی میسر و خاکی کەنعاندا هەبوون لە بری ئەو گەنمەی دەیانکڕی، یوسفیش زیوەکەی هێنا بۆ ماڵی فیرعەون. کاتێک کە زیو لە خاکی میسر و لە خاکی کەنعان نەما، هەموو میسرییەکان هاتن بۆ لای یوسف و وتیان: (نانمان بۆ بهێنە! بۆچی لەبەردەمتدا بمرین لەبەر ئەوەی زیو تەواو بوو؟) یوسفیش پێی وتن: (ئاژەڵە ماڵییەکانتان بهێنن، منیش لە بری ئاژەڵە ماڵییەکانتان نانتان دەدەمێ، ئەگەر زیو تەواو بووە.) ئینجا ئاژەڵە ماڵییەکانیان هێنا بۆ یوسف، ئەویش نانی پێ دان، لە بری ئەسپ و گاوگۆتاڵ و گوێدرێژەکانیان. ئیتر ئەو ساڵە لە بری هەموو ئاژەڵە ماڵییەکانیان نانی دان. کە ئەو ساڵە تەواو بوو، بۆ ساڵی دووەم هاتنەوە بۆ لای و پێیان وت: (لە گەورەمانی ناشارینەوە زیوەکانمان تەواو بوون، ئاژەڵی ماڵەکانیشمان لای گەورەمانە، ئیتر هیچ لەپێش گەورەمان نەماوە تەنها لەشمان و زەوییەکەمان نەبێت. بۆچی لەپێش چاوت بمرین، خۆمان و زەوییەکەشمان؟ بە نان خۆمان و زەوییەکەمان بکڕە، ئیتر خۆمان و زەوییەکەشمان دەبینە کۆیلەی فیرعەون. تۆویشمان بدەرێ تا بژین و نەمرین، با زەوییەکەشمان نەبێتە چۆڵەوانی.)

یوسفیش هەموو خاکی میسری بۆ فیرعەون کڕی، چونکە هەرچی میسری هەبوو کێڵگەکەی خۆی فرۆشت، چونکە برسییەتییەکە زۆر سەخت بوو لەسەریان. ئیتر خاکەکە بوو بە هی فیرعەون. یوسف خەڵکەکەشی لەم سەری میسرەوە تا ئەو سەری بە کۆیلە کرد. تەنها زەوی کاهینەکانی نەکڕی، چونکە کاهینەکان بەشە خۆراکیان هەبوو لەلایەن فیرعەونەوە، ئیتر بەشە خۆراکەکەی خۆیان دەخوارد کە فیرعەون دەیدانێ. لەبەر ئەوە زەوییەکەی خۆیان نەفرۆشت.

ئینجا یوسف بە خەڵکەکەی وت: (وا ئەمڕۆ خۆتان و زەوییەکەتانم بۆ فیرعەون کڕی، ئەوەش تۆوە بۆ ئێوە تا لە زەویدا بیچێنن. لە خەرمانانەدا پێنج یەکی خەرمانەکەتان دەدەن بە فیرعەون. چوار بەشەکەی دیکەش بۆ خۆتان دەبێت، بۆ تۆوی کێڵگەکانتان و بۆ خۆراک بۆ خۆتان و ئەوانەی

له ماڵەکانتاندان و بۆ خۆراک بۆ منداڵەکانتان.) ئەوانیش وتیان: (تۆ ئێمەت بە زیندووی هێشتەوە، خۆزگە جێی ڕەزامەندی گەورەمان بووینایە و ببین بە کۆیلەی فیرعەون.)

ئیتر یوسف ئەمەی لەسەر خاکی میسر کرد بە یاسا، تاکو ئەمڕۆش، پێنج یەک بۆ فیرعەونە، تەنها زەوی کاهینەکان نەبێت کەوا نەبوو بە هی فیرعەون.

نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر لە زەوی گۆشەندا نیشتەجێ بوو و لەوێ بوون بە خاوەن موڵک و گەشەیان کرد و زۆریش زیادیان کرد. یاقوب لە خاکی میسردا حەڤدە ساڵ ژیانی بردە سەر. هەموو ساڵانی ژیانی یاقوب بوو بەسەد و چل و حەوت ساڵ.

کاتێک ڕۆژانی ئیسرائیل نزیک بووەوە لە مردن، یوسفی کوڕی بانگکرد و پێی وت: (ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم ئەوا دەستت بخەرە ژێر ڕانمەوە و چاکە و بەوەفایم لەگەڵدا بکە، لە میسردا مەمنێژە. بەڵکو لەگەڵ باووباپیرانمدا ڕادەکشێم، لە میسرەوە هەڵم بگرە و لە گۆڕستانی ئەواندا بمنێژە.) ئەمیش وتی: (من بەپێی قسەکەی تۆ دەکەم.) ئەویش پێی وت: (سوێندم بۆ بخۆ.) یوسفیش سوێندی بۆ خوارد. ئیسرائیلیش لەسەر سەری چوارپایەکەی کڕنۆشی برد.

**پەیدابوون ٤٨ مەنەسا و ئەفرایم**

ئەوە بوو دوای ئەمانە بە یوسف وترا: (ئەوەتا باوکت نەخۆشە.) ئەویش هەردوو کوڕەکەی خۆی مەنەسا و ئەفرایمی لەگەڵ خۆیدا برد. بە یاقوب ڕاگەیەنرا و وترا: (وا یوسفی کوڕت بۆ لای تۆ دێت.) ئیسرائیلیش هێزی دایە بەرخۆی و هەر لەسەر چوارپایەکە دانیشت. ئینجا یاقوب بە یوسفی وت: (خودای هەرە بە توانام بۆ دەرکەوت لە لوز لە خاکی کەنعاندا و بەرەکەتداری کردم. پێی فەرمووم، "وا من بەردارت دەکەم و ژمارەت زۆر دەکەم و دەتکەمە چەندین نەتەوە، ئەم زەوییەش لە دوای خۆت دەدەم بە نەوەکەت، بە موڵکی تاهەتایی." (ئێستاش دوو کوڕەکەی خۆت کە لە خاکی میسردا بۆت لەدایک بوون پێش ئەوەی من بێم بۆ لات بۆ میسر ئەوا بۆ منن، ئەفرایم و مەنەسا وەک ڕەئوبێن و شیمۆن دەبن بۆم. بەڵام منداڵەکانی دیکەت کەوا بەدوای ئەماندا لەدایک دەبن بۆت ئەوا دەبن بە هی تۆ، لە ژێر ناوی دوو براکەیاندا بەشە میراتیان دەبێت. خۆشم لە هاتنم لە (پەدان)ـەوە ڕاحیل لەلام مرد، لە خاکی کەنعان لە ڕێگا کە ماوەیەکی کەمی مابوو بگەمە ئەفرات. هەر لەوێ لەسەر ڕێگای ئەفرات ناشتم) - - ئەویش بێتلەحمە.

ئینجا ئیسرائیل دوو کوڕەکەی یوسفی بینی و وتی: (ئەمانە کێن؟) یوسفیش بە باوکی وت: (ئەوانە دوو کوڕەکەی منن کەوا خودا لێرە پێی بەخشیوم.)

ئەمیش وتی: (بیانهێنە لام تاکو داوای بەرەکەتیان بۆ بکەم.) هەردوو چاوی ئیسرائیل بەهۆی پیرییەوە کز ببوون و پەکی بینینیان کەوتبوو. بۆیە یوسف هەردووکیانی هێنایە لایەوە، ئەویش ماچی کردن و باوەشی پێدا کردن. ئینجا ئیسرائیل بە یوسفی وت: (چاوەڕوان نەبووم ڕووی تۆ ببینم، کەچی ئەوەتا خودا نەوەکەشتی نیشاندام.) یوسف هەردووکیانی لەنێوان ئەژنۆیدا دەرهێنا و لەبەردەمی بەرەو زەوی کڕنۆشی برد. ئینجا یوسف دەستی دایە هەردووکیان، ئەفرایم بە دەستەڕاستی خۆی بەرامبەر دەستەچەپی ئیسرائیل و مەنەساش بە دەستەچەپی خۆی بەرامبەر دەستە ڕاستی ئیسرائیل و لێی نزیک خستنەوە. ئیسرائیلیش دەستی ڕاستی خۆی درێژ کرد و خستییە سەر سەری ئەفرایم، کەوا بچووکەکەیان بوو، دەستی چەپیشی خستە سەر سەری مەنەسا، دەستەکانی ژیرانە دانا، چونکە مەنەسا نۆبەرەکە بوو. ئینجا داوای بەرەکەتی بۆ یوسف کرد و وتی: (ئەو خودایەی کەوا باوکانم ئیبراهیم و ئیسحاق لەبەردەمی هاتووچۆیان کرد، ئەو خودایەی کەوا شوانایەتی کردووم لە بوونمەوە تا ئەمڕۆ، ئەو فریشتەییەی لە هەموو خراپەیەک منی کڕییەوە، ئەم دوو کوڕە بەرەکەتدار بکات. با بە ناوی خۆم و بە ناوی باوکانم ئیبراهیم و ئیسحاقەوە ناوببرێن، با لەناو خاکەکەش زۆر زیاد بن.)

کە یوسف بینیی باوکی دەستی ڕاستی خستۆتە سەر سەری ئەفرایم، ئەوەی پێناخۆش بوو، ئیتر دەستی باوکی گرت تا لەسەر سەری ئەفرایمەوە بیخاتە سەر سەری مەنەسا. یوسف بە باوکی وت: (ئاوا نا باوکە، چونکە ئەمە نۆبەرەکەیە، دەستی ڕاستی خۆت بخەرە سەر سەری.) بەڵام باوکی ڕازی نەبوو و وتی: (دەزانم کوڕی خۆم دەزانم. ئەویش هەروەها دەبێتە نەتەوەیەک و مەزنیش دەبێت. بەڵام برا بچووکەکەی لەو مەزنتر دەبێت و نەوەشی دەبێتە چەندین نەتەوە.) ئیتر لەو ڕۆژەدا داوای بەرەکەتی بۆ کردن و وتی: (بە ناوی تۆوە نەوەی ئیسرائیل داوای ئەم بەرەکەتە دەکات: "خودا وەک ئەفرایم و مەنەسات لێ بکات.")

جا ئەفرایمی خستە پێش مەنەسا. ئیسرائیل بە یوسفی وت: (ئەوا دەمرم، خوداش لەگەڵتان دەبێت و دەتانگەڕێنێتەوە بۆ خاکی باووباپیرانتان. منیش

بەشێک زیاتر لە بەشی براکانت دەدەم بە تۆ، ئەوەی بە شمشێرەکەم و کەوانەکەم لە چنگی ئەمورییەکان وەرم‌گرت.)

**پەیدابوون ٤٩: ٢٨-٣٣** **مردنی یاقوب**

هەموو ئەمانە دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیلن(دوازدە کوڕەکانی یاقوب) . ئەمەش ئەوە بوو کە باوکیان پێی وتن و داوای بەرەکەتی بۆ کردن، هەریەکەیان بەپێی بەرەکەتەکەی خۆی داوای بەرەکەتی بۆ کردن. ئینجا فەرمانی پێ‌دان و پێی وتن: (من دەچمە پاڵ گەلەکەی خۆم. لای باووباپیرانمەوە بمنێژن لەو ئەشکەوتەی لەناو کێڵگەکەی عەفرۆنی حیسییە، لەو ئەشکەوتەی لە کێڵگەکەی مەخپێلە دایە کەوا ڕووەو مەمرێیە لە خاکی کەنعان، ئەوەی ئیبراهیم لەگەڵ کێڵگەکەدا لە عەفرۆنی حیسی کڕی تا بۆ گۆڕ ببێت بە موڵکی. لەوێ‌دا ئیبراهیم و سارای ژنی نێژراون، لەوێش‌دا ئیسحاق و ڕڤقەی ژنی نێژراون، هەر لەوێش‌دا لێئەم ناشت. کێڵگەکە و ئەشکەوتەکەی لەناوی بوو لە حیسییەکان کڕدرا بوون.) کاتێک یاقوب لە ڕاسپاردنی کوڕەکانی تەواو بوو، هەردوو پێی خۆی خستەوە سەر چوارپایەکە و دواهەناسەی دا و چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی.

**پەیدابوون ٥٠**

ئیتر یوسف خۆی دا بەسەر ڕووی باوکی‌دا و بەسەری‌دا گریا و ماچی کرد. یوسف فەرمانی دا بە خزمەتکارە پزیشکەکانی کە باوکی مۆمیا بکەن. پزیشکەکانیش ئیسرائیلیان مۆمیاکرد. ئینجا چل ڕۆژیان بۆی تەواوکرد، چونکە بەوەندە ڕۆژ کاری مۆمیاکاران تەواو دەبوو. میسرییەکانیش حەفتا ڕۆژ بۆی گریان.

کە ڕۆژانی گریان بەسەرچوو، یوسف لەگەڵ ماڵی فیرعەون‌دا قسەی کرد و وتی: (ئەگەر جێی ڕەزامەندیتانم، ئەوا بیدەن بە گوێی فیرعەون‌دا و بڵێن، کە باوکم سوێندی‌داوم و وتوویەتی، "وا من دەمرم، لەو گۆڕەدا بمنێژن کەوا لە خاکی کەنعان‌دا بۆ خۆمم هەڵکەندووە." ئێستاش با بەرەوژوور ببمەوە بۆ ئەوەی باوکم بنێژم و دەگەڕێمەوە.) فیرعەونیش پێی وت: (بەرەوژوور ببەوە و باوکت بنێژە، وەک چۆن سوێندی‌داویت.) ئیتر یوسف بەرەوژوور بۆوە بۆ ناشتنی باوکی. لەگەڵی‌دا هەموو خزمەتکارانی فیرعەون، پیرانی ماڵەکەی و هەموو پیرانی خاکی میسر بەرەوژوور بوونەوە، لەگەڵ تێکرای ماڵی یوسف و براکانی و ماڵی باوکی‌دا. تەنها منداڵەکان و ڕانەمەڕیان و گاگەلیان لە خاکی گۆشەن‌دا بەجێ‌هێشت. هەر لەگەڵیان‌دا گالیسکە و ئەسپ سواران بەرەوژوور بوونەوە. جا لەشکرێکی زۆر گەورە بوو. ئینجا هاتن تا شوێنی خەرمانەکەی (ئاتاد)، ئەوەی لەوبەری ڕووباری ئوردونە، لەوێ شیوەنێکی زۆر گەورە و توندیان گێڕا، بۆ حەوت ڕۆژ یوسف ماتەمی بۆ باوکی دانا. کاتێک کەنعانییەکانی دانیشتووی ئەو خاکە ئەم ماتەمەیان لە خەرمانگای ئاتاد بینی، وتیان: (ئەمە ماتەمێکی گەورەی میسرییەکانە.) لەبەر ئەوە ناونرا (ئابێل میسرایم) کە لەوبەری ڕووباری ئوردونە. کوڕەکانی یاقوبیش چۆنی ڕاسپاردبوون ئاوایان بۆ کرد. جا کوڕەکانی هەڵیان‌گرت بۆ خاکی کەنعان و لە ئەشکەوتەکەی ئەو کێڵگەیەی لە مەخپێلە دایە ناشتیان، کەوا ئیبراهیم لەگەڵ کێڵگەکە تا بۆ گۆڕ ببێت بە موڵکی لە عەفرۆنی حیسی کڕیی، ئەوەی ڕووەو مەمرێیە. ئیتر دوای ناشتنی باوکی، یوسف گەڕایەوە بۆ میسر، خۆی و براکانی و هەموو ئەوانەی لەگەڵی‌دا بەرەوژوور ببوونەوە بۆ ناشتنی باوکی.

## یوسف براکانی دڵنەوای دەکات

کە براکانی یوسف بینییان باوکیان مرد، وتیان: (نەکات یوسف کینەمان لێ هەڵبگرێت و هەموو ئەو خراپەیەی بەرامبەری کردوومانە بەسەرمانی بهێنێتەوە.) ئیتر پەیامیان نارد بە یوسف بڵێن، (باوکت پێش مردنی خۆی ڕای سپاردووە و وتوویەتی، "ئاوا بە یوسف دەڵێن: داواکارم لێت لە تاوانی براکانت و گوناهەکەیان ببووریت، چونکە خراپەیان لەگەڵت کرد." ئێستاش لە تاوانی خزمەتکارەکانی خودای باوکت خۆش ببە.) کاتێک پەیامەکەیان گەیشت یوسف کەوتە گریان. دوای ئەوە براکانی هاتن و لەبەردەمی کەوتن و وتیان: (ئەوەتا ئێمە خزمەتکاری تۆین.) یوسفیش پێی وتن: (مەترسن، بۆچی من لە جێی خودام؟ مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، خودا بە مەبەستی چاکە گێڕای تا وەک ئەمڕۆ بکات، بۆ بەزیندووهێشتنەوەی گەلێکی زۆر. ئێستاش مەترسن. من خۆتان و منداڵەکانتان بەخێو دەکەم.) ئیتر دڵنەوایی کردن و قسەی دڵخۆشکەرەی بۆ کردن.

## مردنی یوسف

یوسف خۆی و ماڵی باوکی لە میسر نیشتەجێ بوون، یوسف سەد و دە ساڵ ژیا. جا یوسف منداڵانی ئەفرایمی بینی، نەوەی سێیەم. هەروەها منداڵانی (ماکیر)ی کوڕی مەنەسا لەسەر ئەژنۆی یوسف لەدایک بوون. ئینجا یوسف بە براکانی وت: (من دەمرم، بەڵام خودا خۆی بەسەرتان

دەکاتەوە و لەم خاکەوە بەرەوژوورتان دەکاتەوە بۆ ئەو خاکەی کەوا سوێندی لەسەر خواردووە بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.) ئیتر یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دا و وتی: (بێگومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم بەرەوژووور بکەنەوە.) دوای ئەوە یوسف مرد، تەمەنی سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مۆمیایان‌کرد و لە میسر خرایە تابووتەوە.

**ئازیزانی خۆشەویست، ئەگەر هەر پرسیارێك یان سەرنجێکتان هەیە دەربارى ئەم چیرۆکی، تکایە بۆمان (کۆمەلەی ڕێگای ڕاستودروستی) بنوسن بەم ئیمەیلە:** rrd2011@yahoo.com

# کۆمەلەی رێگای راستودرووستی

The Life of Joseph

Sorani Old Testament (Draft)
Biblica 2011